# بەپێی ئاماری ساڵێک خانمانی کریستیان کەمتر پەنا بۆخۆسووتاندن دەبەن

**زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتنی ئافرەت لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا زۆربەی کات شوێنی هەڵوەستەکردن بووە، بەجۆرێك لەکاتی ئێستادا بۆتە باسی ڕۆژانەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بێگومان ئەوەی سەرنجی هەمووانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، بەرزبوونەوەی ڕێژەی خۆکوشتنی ئافرەتانە. لەهەمانکاتدا تێبینی دەکرێت خۆکوشتن لەناو ئافرەتانی موسوڵمانان زیاترە بە بەراورد بەئافرەتانی ئایینەکانی تر بەتایبەتی (کریستیانەکان)، لەمبارەیەوە مامۆستایەکی بەشی دەروونزانی هێما بۆئەوە دەکات ئەم جیاوازییە بۆ بەهێزی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان کەمینەکاندا دەگەڕێتەوە، لەهەمانکاتدا مامۆستایەکی ئایینیش ئاماژە بەوەدەکات کەئایینی پیرۆزی ئیسلام سزای زۆر قورسی بۆئەو کەسە داناوە کەپەنا بۆخۆکوشتن دەبات، توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە کۆتوبەندە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان دەدات کە هەمیشە پاڵنەری سەرەکی خۆکوشتنی ئادەمیزادن، بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەئافرەتانیش ئاماژە بەوەدەکات کە لەساڵی ڕابردوودا تەنیا یەك حاڵەتی خۆسووتانی خانمانی کریستیان تۆمارکراوە.**



**ئامارێکی دیاریکراوی دانیشتوانمان لەبەردەستدا نییە**

بەهۆی نەبوونی ئامارێکی ڕاستەقینەی دانیشتوان و دەستنیشان نەکردنی ئایینە جیاوازەکان، تاڕاددەیەکی زۆر دەستنیشانکردنی ڕێژەی خۆکوشتن ئاڵۆزە، لەمبارەیەوە نەقیب ژیلەمۆ عبدالقادر بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژ بەئافرەتان لەهەولێر پێیوایە کە تا ئێستا ڕێژەی دانیشتوانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو لەپارێزگای هەولێر دەستنیشان نەکراوە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت ڕێژەی سەد لەسەدی خۆکوشتن دەستنیشان بکرێت.

هەروەها نەقیب ژیلەمۆ ئاماژە بەو ڕێژانەی خۆسووتان دەکات کە لەلای ئەوان تۆمارکراوە و دەڵێت: ((ڕێژەی خۆسووتان لەناو کریستیانەکان زۆر کەمە، ساڵی ڕابردوو تەنیا یەك ئافرەتی کریستیان خۆی سووتاندبوو، ئەویش دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە نەخۆشی دەروونی هەبووە)).

بەڕێوەبەری نەهێشتنی توندوتیژی، دواتر ئاماژەی بەوەدا کە بێجگە لە کریستیانەکان لەناو دانیشتوانی شارەکاندا ڕێژەی سووتان و خۆکوشتن زۆرکەمە، و دەشڵێت: ((خۆسووتان لەناو سەرجەم نەتەوەو ئایینە جیاوازەکاندا زۆر کەمە، ئەمە بێجگە لەوەی ئەو کەسانەی کە خاوەنی هەستی ئایینین کەمتر پەنا بۆخۆکوشتن دەبەن، بەڵام ئەوەشمان لەیاد نەچێت لەزۆربەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری خودا (د.خ) خۆکوشتن حەرامکراوە، خۆسووتان کەلتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگەی موسوڵمان و کورد نییە، بەڵکو هاوردەی کۆمەڵگەکانی ترە))، هەروەها ژیلەمۆ باس لەوەش دەکات کە پێوستە وەزارەتی

ئەوقاف و وەزارەتی پەروەردەو خەڵکانی ڕۆشنبیر و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەڵمەتێکی فراوان دەستپێبکەن بۆئەوەی بتوانن بەرەنگاری ئەم دیاردە مەترسیدارە ببنەوە. ئەنیس یەعقوب قەشەی شەقڵاوە بە قسەی ئەو، لە ساڵی رابردوو یەك حاڵەتی خۆسووتاندن هەبووە لەنێو مەسیحیەکان، هەرکاتێکیش کێشەیەك هەبێت، ئەوا لەڕێگای کەنیسەوە هەوڵ دەدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

## بەهێزی پێوەندی کۆمەڵایەتی ڕێژەی خۆکوشتن کەمدەکاتەوە

بەڕای هەندێك لەتوێژەران کەمی ڕێژەی دانیشتوانی کەمینەکان و زۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیان نزیکی شوێنی نیشتەجێبوونیان لەیەکترییەوە ئەمانە سەرجەمیان هۆکاری کاریگەرن بۆ نزمی ڕێژەی خۆکوشتن، لەمبارەیەوە بڕوا عەدنان مامۆستای بەشی دەروونزانی لەزانکۆی سەلاحەدین ئاماژە بۆ کەمبوونەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکات، و دەڵێت: (لەبەرئەوەی کریستیانەکان بەژمارە کەمترن زۆربەیان لەیەك شوێندا نیشتەجێن و لەڕووی دانیشتوانەوە ڕێژەیان کەمە، لەبەر ئەوە هەمیشە پێوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز لەنێوانیاندا هەیە، بێگومان لەڕووی دەروونیشەوە زۆربوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ڕێژەی خۆکوشتن کەمدەکاتەوە، بە پێچەوانەشەوە کەمبوونەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان ڕێژەی خۆکوشتن زیاد دەکات، بەڵام لەکاتی ئێستادا لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەهۆی زۆربوونی تەکنۆلۆژیا، پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دابەزینی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەرئەمەشە ڕێژەی خۆکوشتنی لەناوکۆمەڵگەی کوردەواریدا زیادکردووە)، سەبارەت بەوەی کە مرۆڤ لەچ کاتێکدا پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، مامۆستا بڕوا ئاماژە بەوەدەکات کە هەرگیز خۆکوشتن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوونادات، بەڵکو خۆکوژ بەچەند قۆناغێکی دیاریکراودا دەڕوات، و دەشڵێت (بیری خۆکوژیی یەکەم هەستە لەلای مرۆڤی خۆکوژ دروست دەبێت، بەر لەهەموو شتێك ئەو کەسەی بڕیاری خۆکوشتن دەدات، بەرامبەر بەژیان ڕەشبین دەبێت خۆی گۆشەگیر دەکات و سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کەمدەکاتەوە، دواتر لەلای هاوڕێ نزیکەکانی باسی خۆکوشتن دەکات، دواتر هەنگاوەکان دەکاتە پراکتیکی و خۆکوشتنەکە ڕوودەدات)، هەروەها مامۆستا بڕوا باس لەوەدەکات کە پێویستە کاتێك کە کەسێك باسی خۆکوشتن دەکات قسەکانی بەهەند وەربگرێت و فەرامۆش نەکرێت.

## بوونی عەقڵیەتی پیاو سالاری لەنێو کریستانەکان کەمترە

سەبارەت بەجیاوازی ڕێژەی خۆکوشتن لەنێوان ئافرەتانی موسوڵمان و ئافرەتی کریستیاندا توێژەری کۆمەڵایەتی هانا عوسمان ئاماژە بۆکۆت و بەندە کۆمەڵایەتیەکان دەکات کەئافرەتیان دیلکردووە و دەڵێت (بەگشتی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەندێك دابوونەریت هەن کەوا دەکەن تاکەکان زۆرتر ڕووبکەنە خۆکوشتن و زیاتریش ئافرەتان بەکەلتوورەوە دیلکراون، لەبەر ئەم خاڵەش ڕێژەی خۆکوشتن لەناو ئافرەتانی ئێمەدا بەبەراورد بەئایینەکانی تر زیاترە، واتا مەسەلەکە دابوونەریتەکانی نێو کۆمەڵگەیە نەك بوونی ئایین، بەڵکو ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهەموو شێوازێك دژی خۆکوشتنە، بەڵام کۆمەڵگەو دابوونەریتە کۆمەڵایەتیەکان هانی خۆکوشتن دەدات).

خۆکوشتن بەر لەوەی دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی یان ڕۆژهەڵاتی بێ دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر و لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر ڕێژەکە دەگۆڕێت، لەمبارەیەوە مەلا عەبدوڵلا شێرکاوەیی پێش نوێژ و وتار خوێن و بەڕێوەبەری نووسین لەگۆڤاری پەیامی زانایان ئاماژەی بەوەدا کە هۆکارەکانی خۆکوشتن زیاتر خودین و دەڵێت: (لاوازی بواری ڕوحی و ئیمانی و فەرامۆش کردنی دینداری و زاڵ بوونی لایەنی ماددی و نەبوونی وشیاری و پەروەردەیەکی تەندروست و کاریگەری نێگەتیڤی فیلمە دۆبلاژکراوەکان و تێکچوونی شیرازەی خێزان و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاواو و لاوازی سایکۆلۆژیەتی بەشێك لەتاکەکان و بەرگە نەگرتنی نەهامەتیەکان، هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتنن لەکۆمەڵگەی موسڵماناندا).

قەشە ئەنیس ئەوە دەخاتەڕوو، ڕێژەی خۆکوشتن یاخود خۆسووتاندن لەلایەن مەسیحەکانەوە بەڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەڕووی ئایینیەوە کوشتن بەگوناحێکی زۆر گەورە دادەنرێت، چونکە ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت یاخود خۆی دەسووتێنێت هیچ ئومێدێکی بەژیان نامێنێت، ئەمەش گوناحێکی گەورەیە ئەمەش دژی ئامۆژگاری خودای گەورەیە، چونکە خودای گەورە ئەوژیانەی بەخشیوە بەمرۆڤ بۆئەوەی چاودێری بکات بۆڕێکخستنی مرۆڤایەتی، لەهەموو ئاینەکانەوە مافی ئافرەت پارێزراوە بۆئەوەی شان بەشانی پیاو ژیان بەسەربەرێت. قەشە ئەنیس ئاماژە بەوەدەدا کە بوونی پیاو سالاری لەنێو برا مەسیحیەکان کەمترە ئەمەش بەهۆی بوونی هۆشیارکردنەوەیە لەتەمەنی منداڵیەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری لەکەنیسەوە کە بەڕێنمایی بۆ خەڵك باس دەکرێت.

## ئایینی پیرۆزی ئیسلام دژی خۆکوشتنە

سەبارەت بەوەی کە ڕێژەی خوکوشتن لەناو ئافرەتانی موسڵماندا زیاترە لەئافرەتانی کریستیانەکان مامۆستا عەبدوڵلا دەڵێت: ((بەر لەهەموو شتێك پێویستە ئەوە بزانین ڕاستە ئێمە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانین، بەڵام ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن نوێنەرایەتی ئیسلام ناکەن و بگرە ئیسلام تا سەر ئێسقان دژە لەگەڵ ئەم دیاردەیە، ئەوانەش کە خۆیان دەکوژن یان نەشارەزان بەئیسلام یان هۆشیاری تەواویان نییە بەرامبەر بە پرنسیپەکانی ئیسلام و خودای گەورە، خۆکوشتن لەئیسلامدا تاوانێکی گەورەیە و بەیەکێك لەگوناهە گەورەکان ئەژمار دەکرێت و هۆکارێکیشە بۆمانەوەی خۆکوژ لەدۆزەخ بەشێوەی هەتایی و ئەبەدی، لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ((ولا تلقوا بأيديكم الى التهلكه) واتە: بەدەستی خۆتان، خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن، لەسوورەتی نیسائدا دەفەرموێت (ولاتقتلوا أنفسكم إن الله كان بكم رحيما) النساء و/٢٩. واتە: خۆتان مەکوژن و(یەکتر بەناحەق مەکوژن، کاتێك بێزاریی و بێتاقەتی ڕووتان تێدەکات یان تووشی زیانێك دەبن).

مامۆستا عەبدوڵلا ئاماژە بۆئەوە دەکات کە پێویستە حکومەتی هەرێم، زانایانی ئایینی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕووناکبیر و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی خێراو بەرچاو بگێڕن و ڕێگاچارەی گونجاو بدۆزنەوە لەگەڵ وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگەکەمان لەمەترسی ئەم دیاردە نامۆ بەئایین و کلتووری نەتەوەکەمان.



**بوونی ئافرەت لە پلەو پۆستە بەرزەکانی حکومەت، لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، لەلایەکی دیکەوە زۆر پشت بە ئافرەت نابەسترێت لە شوێنە گرنگەکانی حزب و حکومەتدا و پۆستەکانیان ڕێژەکەی کەمە، بۆ نموونە تەنیا ٢٥ ئافرەت پلەی تایبەتییان هەیە لە ئەنجوومەنی وەزیراندا :(١٠) بەڕێوەبەری گشتی و(١٥) راوێژکارو وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و گواستنەوە و گەیاندن و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو یەکەو یەک بەڕێوەبەری گشتی ئافرەتیان هەیە.**



# کەمی ئافرەت لە پۆستە باڵاکاندا نیشانەی بێتوانایی نییە

بەپێی ڕاپرسیەکی (گوڵان)یش هۆکاری کەمی ئافرەت لەپۆستەباڵاکان و فەرمانگە حکومیەکاندا بەمشێوەیە بووە (٢٤٪) بۆ بێمتمانەیی بەتوانای ئافرەتان، (١٥٪) ڕێخۆشنەکردنی لە بەردەم ئافرەتان بۆ کارنەکردن، (٣٠٪) بۆ ململانێی حزبەکان دەگەڕێنەوە و ١٧٪ بۆخودی ئافرەتەکە خۆی دەگەڕێتەوە .

بەیان عەزیزی مامۆستای مافی نێودەوڵەتی لە زانکۆی سەلاحەدین و ئەندامی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان پێیوایە ململانێی حزبەکان ناشەفافانەیە لە نێو دامو دەزگا حکومیەکان،کە تا چەند ئافرەتان دەنێرن بۆ پۆستە حەساسەکان یان بەرگری دەکەن لەوە؟ چۆن ڕۆڵەکە دەگێڕن؟ چ ڕێژەیەک لە پۆستە حیزبییەکان تایبەتن بە ئافرەتان؟ یان توانایی کاری حیزبییان تێدا هەیە. لە لایەکی دیکەوە ئاشتی عەزیزساڵح لە لیستی گۆڕان و ئەندامی لێژنەی مافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان وتی» بێگومان ئافرەت هەتا ئێستا وشیاری بەمافەکانی خۆی نییە، بۆنموونە لەهەڵبژاردندا کاتێك پیاوێك دەبینێت لەپلەیەکی گەورەدایە دەنگی پێدەدات مافەکانی خۆی نازانێت، چونکە ئەو باوەڕی بەوە هەیە کە پیاو دەتوانێت کۆنترۆڵی شتەکان بکات نەك ئافرەت، هەروەها تا ئێستا حکومەت ئافرەتانی وشیار نەکردۆتەوە کە زۆر پێویستە، واتا چەمکی بەهاووڵاتی بوون بەتەواوی نەزانراوە لەلای ئافرەتان.

## لایەنە سیاسییەکان باوەڕیان بەتوانای ئافرەت نییە

سەبارەت بە کەمی ئافرەت لە پۆستەکانی حکومەت بەیان عەزیزی وتی « پێویستە هەندێك پۆست هەبێ ئەوەی توانای ئافرەتان لەبەرچاوبگیرێت و ئامادەکردنی بۆ ئەو شوێنانە بسەلمێت هەرچەندە ئەم پۆستانە دەبێ بە موناقەسە لەگەڵ پیاواندا لەلایەن ئافرەتانەوە وەربگیردرێت نەک بۆ ئەوان تایبەت کرابێت. بە نموونەی دانانی ڕێژەی ٢٥٪ تا ٣٠٪ ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان. ئەم فەرمانە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەپێی دیکۆمێنتی گەشەی هەزارە لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بۆ ژمارەیەک وڵات بە عێراق و هەرێمی کوردستانیش بەرێوە چوو. پێی دەوترێت جیاوازی دانانی پۆزەتیڤ واتە ژنێک بە زیاترلە ٤٠٠٠دەنگ سەردەکەوێت بەسەر پیاوێکدا تەنیا لەبەر ڕەگەز و گەیشتن بە خاڵێکی گەشە. ئێستا بواری بەڕێوەبەرایەتی و دابەشکاریی دەرفەتی کار، هەبوونی ژمارەی ئافرەتان نییە بەڵکو کوالیتەو باش کارکردنی ئافرەتانە لە هەر پۆستێکدا. ناردنی ئافرەت بۆ کابینە بە فەرمانی حکومی دەکرێت، بەڵام پەروەردەکردنی ئافرەتان بە توانایەک کە کوالیتەی پۆستەکان بەرنە سەرەوە، پێویستی بە کات و دارشتنی سیستەمی تایبەت هەیەو لەهەمان کاتدا ئیرادەی خودی ئافرەتان بۆ موناقەسەکردن لەگەڵ پیاواندا. ئاشتی عەزیز ئاماژە بەوەددا» ڕۆژانە گوێبیستی دروشمی بریقەدارو قسەی جۆراو جۆردەبیستین کەچی



ئەڤین هەروری:

**ئێمە لەسەرکردایەتی هیچ پرسمان پێنەکرا بۆیە نەمانتوانی هیچ گوشار دروستبکەین بۆ زیاد بوونی ڕێژەی ئافرەت لەکابینەی حەوتەمدا**

بەهەموو شێوەیەك ئافرەت لەپۆستە باڵاکان بێبەشدەکرێت و ئەوەی کە لەکابینەی پێشوودا بینیمان خەریکە دووبارە دەبێتەوە، ئاشتی بڕوای بەوە نییە کە ئافرەت کەمتوانان، بەڵکو زۆر بەتوانان، بەڵام لایەنە سیاسیەکان باوەڕیان بەتوانای ئافرەت نییە. ئاشتی بە نموونە دەهێنێتەوە»بوونی ئافرەت لە لیستەکاندا تەنیا بۆ جوانکردنە بۆئەوەی بڵێن کە ئێمە پێشکەوتووین و دەتوانین مافەکانیان دەستەبەر بکرێت، بۆیە پێیوایە پێویستە هزری سیاسی بگۆڕدرێت، چونکە پارتە سیاسیەکان ئافرەتیان پەراوێز خستوە. دکتۆر مارف عومەر گوڵ چالاکوانی سیاسی و راگری کۆلێژی یاسا لە سلێمانی پێیوایە، جاران کوردستان لە ریزی ئەو وڵاتانە بووە کە ئافرەت پۆست وپلەی کاریگەرییان بەدەستەوەبوو وەك وەزیر و دادوەر ئەندام پەرلەمان، بەڵام ئێستا جگە لەپەرلەمان کە ڕێژەیەکی بۆ دانراوە، لەم دوو کابینەیەی حکومەتدا تەنیا یەك ئافرەت هەیە، د. مارف ئەوەش دەخاتە ڕوو کە ئافرەتی بەتوانا دەتوانێت خۆی دروست بکات بە مەرجێك ڕێگری لێنەکرێت، چونکە هەر پۆستێك بازنەیەکی بەچواردەوردا کێشراوە، هەروەها چەند لایەنێك هەیە بۆ پڕکردنەوەی پۆستەکان واتا دەبێ دەرفەت هەبێت بۆ سەرجەم خەڵك و کەسانی بەتوانا بهێنرێنە پێشەوەو بروو بە تواناکانیان بدرێت، نەك ئافرەتی بەتوانا پیاوی بەتواناش هەیە کە پۆستی پێنەدراوە واتا ململانێکان ئافرەت وپیاو لەپۆستەکان بێبەشدەکەن .

## لە پارتە سیاسییەکاندا ئافرەت تائێستا نەگەیشتۆتە ئاستی بڕیاردان

ئەڤین هەروری ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری کردنی ئافرەت لە سیاسەت و حکومەت دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند تەوەرێك لەوانە، بڕیاردان و وەرگرتنی پلەی سەرکردایەتی وەك وەزیر یان سەرۆکی حکومەت، لەوەش لە کابینەی شەشەم وحەفتەمدا بەرەودوا گەڕاینەوە، لەهەڵبژاردنەکاندا ئافرەت خۆشبەختانە بەیەکسانی لەگەڵ پیاو بەشدارە، بەڵام بەشداری ئافرەت ئەگەر لە پارتە سیاسیەکاندا هەشبێت نەگەیشتۆتە ئاستێکی بەرز لە بڕیاردان، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ نکوڵی لەوە بکەین کە ئافرەت پێگەی بەهێزی هەیە بەڵکو ئەگەر خۆمان بەساڵانی نەوەتەکان بەراورد بکەین ئێستا زۆر باشترە، دوای سەرهەڵدان بیر وئینتمای عەشیرەتگەری و ئاینی زاڵبوو، هەستی تۆڵە کردنەوە زۆر باو بوو، توندوتیژیی بەرامبەر بە ئافرەت بەکاردەهات. ئەڤین هەروری سەبارەت بە کەمی ئافرەت لەکابینەی حەوت وتی»ئێمە لەسەرکردایەتی هیچ پرسمان پێنەکرا بۆیە نەمانتوانی هیچ گوشار دروستبکەین، بەڵام ئێستا دەبێت گوشاری زیاتر بکەین بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئافرەت زیاتر بکەین لە پۆستەکانی تری حکومەت.

## چارەسەر چییە بۆ زیادکردنی ئافرەت لە پۆستە باڵاکاندا ؟

بەیان عەزیزی وتی( بەڕێوەبەرایەتی هێزی مرۆیی) و ( گەشەی مرۆیی کار) لە هەموو وڵاتاندا دەزگای تایبەتی و لەگەڵ هەموو دامودەزگاکاندا پێوەندییان هەیە. ئێمە دەتوانین ئەم کارە بکەین و بزانین لە کام لەم بوارانەدا ئافرەتان دەبێ ئەکتیڤ بکرێن؟ لاوازییەکانیان چییە؟لە کوێ هێزی کاری ئافرەتان زۆرە کە بەرەو شوێنێکیتر ڕێنمایی بکرێت؟ کوالیتەی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان چەندەیە؟ هەروەها دەکرێ ڕێگەی کورتمەوداش بۆ پەروەردەکردنی ئافرەتان پێشنیار بکەین وەک:

- فێرکردنی بەردەوام و دانانی دەورەی کارا
- دانانی سیستمی سزا و پاداشت.
- گۆڕینی ڕوانگە باوەکان بۆ توانایی ئافرەتان لە ڕێگەی میدیا و حزبەکانەوە
- دروستکردنی فەزای موناقەسەو بەرجەستەکردنەوەی ئافرەتان
- سازدانی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و لایەنگری حکومەت لە ئافرەتان بەرامبەر بە بنەماڵەو کۆمەڵگە.
- دروستکردنی ئۆلگووی سەرکردەی ئافرەت.

لەکۆتاییدا ئاشتی پێیوایە کە پرۆژە یاسای کۆتای دابنرێت بۆ هەموو حزبەکان، واتا بەیاساکردنی کۆتایە لە سەرجەم پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا، واتا چۆن ٣٠٪ ئافرەت لەپەرلەماندا بەشدارن لەپارتە سیاسەکاندا ڕێژیان لەوە کەمتر نەبێت .



بەیان عەزیزی

**پەروەردەکردنی ئافرەتان بە توانایەک کە کوالیتەی پۆستەکان بەرنە سەرەوە، پێویستی بە کات و دارشتنی سیستمی تایبەت هەیە**



# ئافرەت و خەمۆکی

ئەگەرچی نەخۆشی خەمۆکی یەکێکە لەو نەخۆشـــییە دەروونییـــە بڵاوانەی بەرۆکی هەردوو ڕەگەز دەگرێت، بەڵام هەروەك ئەنجامی هەموو تویژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانەو لەســـەر زەمینی واقیع دەردەکەوێت، ڕەگەزی مێینە زیاتر دوچاری ئەم نەخۆشـــییە دەبنەوە بەڕێژەی دوو هێندە یان زیاتر بەبەراورد بە ڕەگەزی نێرینە.

بێگومان هۆکارەکانی تووشبوون بەم نەخۆشییە زۆرن و دەشێت هەردوو ڕەگەز بەیەکێک یان زیاتر لەو هۆکارانە دووچاری نەخۆشی خەمۆکی ببن، وەك (هۆکارە دەروونی و هەڵچوونی و کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارە کەسییەکان، هۆکارە ژیری و زانەکی و فکریبەکان و ...تاد)، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێك فاکتەری تر هەن کە وا دەکات ئافرەتان زیاتر دووچاری ئەم نەخۆشییە ببنەوەو ئەم فاکتەرانەش تایبەت بەلایەن و پێکهاتەی دەروونی و سۆزداری و فەسلەجی ئافرەتان خۆیانەوەیە.

بەشێکی بەرچاو لە ئافرەتان هەست بە نەبوونی ئاساییشی دەروونی دەکەن و ترسیان لە نادیار هەیە، لە دڵەڕاوکێدا دەژین بەبێ ئەوەی پەی بە بوونی سەرچاوەکانی ئەم دڵەڕاوکێیە ببەن. لەگەڵ زیادبوونی فشارەکانی ژیان و بەردەوامبوونی حاڵەتی دڵەڕاوکێی ئافرەتاندا، زەمینە بۆ تووشبوون بە نەخۆشی خەمۆکی زیاتر دەبێت.

لەڕووی سایکۆلۆژیای ئافرەتانەوە، زۆرێك لە توێژینەوەکان سەلماندویانە کە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی لەپشت شڵەژان و دڵەڕاوکێی ئافرەتانەوە وەستاون بریتین لە:(ترس لە پچڕانی پێوەندی بە باوکەوە وەك سەرچاوەیەك بۆ پاراستن و شانازی، ترس لە پچڕانی پێوەندی بە دایکەوە وەك سەرچاوەیەك بۆ میهرەبانی و چاودێری، ترس لە پچڕانی پێوەندی بە - برا — وە وەك سەرچاوەیەك بۆ پاڵپشتی و هێز، ترسی دواکەوتن لە پرۆسەی هاوسەرگیریی، ترس لە جیابوونەوە لە هاوسەر کاتێك هاوسەرگیریی دەکات وەك سەرچاوەیەك بۆ هەستی مێینەیی و خۆشەویستی و ئاساییش، کاتێکیش دەبێتە دایك و منداڵی دەبێت ترس لە پچڕانی پێوەندییەکانی بە منداڵەکانییەوە وەك سەرچاوەیەك بۆ هەستی دایکایەتی و مانەوە).

ئەگەرچی هەموو ئافرەتێك لە گێژاوی ئەم ترسانەدا ناژی، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان ئەم ترسانە باڵ دەکێشێت بەسەر ژیانی دەروونیاندا بێئەوەی درکی پێبکەن.

کاتێکیش بەڕاستی دووچاری یەکێك یان زیاتر لەو حاڵەتانە دەبنەوە کە مایەی ترس و دڵەڕاکێی ئەوان بووە، واتە ئەو پچڕان و دابڕانانە دەبنە ڕاستییەك لەژیانیاندا، ئەوا ئەو لەدەستدانانە پەژارەیەکی قووڵ لەدەروونیاندا دروست دەکات و وەك زامێکی دەروونی بەسوێ بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە بەبەراورد بە مامەڵەی پیاوان لەگەڵ ئەمجۆرە دابڕانانەدا.

جاری وا هەیە ئافرەت ژانکۆی زۆرە بەدەست هاوسەرە پیاوەکەیەوە، بەڵام لەپێناوی منداڵەکانیدا بەرگەی ژیانێکی پڕ ژانکۆی بەردەوام دەگرێت، بەڵام پیاوان زیاتر سەربەخۆترن و لەو باوەڕەدان کە دەتوانن لە زۆر شتدا پشت بەخۆیان ببەستن، دەتوانن ئەو ژیانە بژین کە خۆیان دەیانەوێت.

سروشتی ژیانی ئافرەتان بەجۆرێکە کە زیاتر ڕووبەڕووی فشارەکانی ژیان ببنەوە، بۆ نموونە ئافرەتێك کە کار دەکات لەدەرەوە لەهەمان کاتدا فەرمانەکانی ناو ماڵ بەجێدەهێنێت، زۆر ستەمە بتوانێت بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت واز لەبەجێهێنانی فەرمانەکانی ناو ماڵ و ئەرکی بەخێو کردنی منداڵەکانی بهێنێت. ئافرەتان دەخوازن لە کارەکانیاندا لەدەرەوەی ماڵ سەرکەوتووبن، لەهەمان کاتیشدا دەیانەوێت کاروباری ناو ماڵیش وەك پێویست بەجێبهێنێت و لە لوتکەی سەرنجەکانی هاوسەرە پیاوەکەیدا بمێنێتەوە، هەربۆیە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانە پێکەوە لەیەك کاتدا فشارێکی قورس لەسەر باری دەروونی و دەماری و جەستەیی ئافرەتان دروست دەکات.

بێگومان پرۆسەی منداڵبوونیش لای ئافرەتان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕێژەیەك لە ئافرەتان دووچاری خەمۆکی دەکات کە بە(خەمۆکی پاش منداڵبوون) ناسراوە، زۆرێك لە پزیشکان بۆچوونیان وایە بەهۆی منداڵبوونەوە چەندین گۆڕانکاری کتوپڕ لە ڕێژەی هۆرمۆنەکاندا ڕوودەدات کە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کیمیایی جەستەدا بەگشتی و کیمیایی کۆئەندامی دەماردا بەتایبەتی، ئەمەش کاریگەری گەورە لەسەر مەزاژی ئافرەتان دروست دەکات.

جگە لە گۆڕانکارییەکانی هۆرمۆن لەکاتی منداڵبووندا، چەندین فاکتەری تر هەیە لەسەربەندی منداڵبووندا کە دەبنە مایەی تووشبوون بە خەمۆکی لای بەشێك لە ئافرەتان، وەك: (شۆکی منداڵبوون و ئەو ئازارانەی هاوەڵی منداڵبوون دەکات، ئەو پەشێویانەی بەهۆی لەدایکبوونی منداڵەکەوە دووچاری ژیانی ئافرەت دێت وەك کەمی یان نەمانی حەوانەوەو ماندووبوون و فشاری زۆر و کەم خەوی، کێشە خێزانییەکان و دوورکەوتنەوەی هاوسەر پێش یان پاش منداڵبوونی ئافرەتەکە، دوور بوون لە کەسوکارو خۆشەویستان و دۆستان کە لای بەشێك لە ئافرەتان زەمینە بۆ تووشبوون بە خەمۆکی سازدەکات).

هەندێجار ئافرەتان بەهۆی منداڵبوونەوە دووچاری خەمۆکی دەبن چونکە ئەو هەستەیان لادروست دەبێت کە چیتر سەرنجڕاکێش نابن و جەستەیان وەك جاران نامێنێت و کاتیان وەك جاران نابێت بۆ گرنگیدان بەخۆیان.

زۆرجار ئەو ئافرەتانەی کە پێشتر ڕاهاتوون لەسەر چوونە دەرەوەو کارکردن، بەهۆی منداڵبوونەوە دووچاری هەستکردن بە دابڕان دەبن و خەمۆك و بێزار دەبن لەم ڕەوشە نوێیە، هەروەها هەندێجار ئەو چاوەڕوانییەی کە ئافرەت هەیبووە لە هاتنە ژیانی منداڵەکەی و وەها دەرناچێت کاریگەری دەبێت لە دروستبوونی نەخۆشی خەمۆکیدا لای ئافرەتان..



# چۆن گومانم بڕەوێتەوە؟

ئاشتی عەبدوڵڵا

سەرەتای چیرۆکەکە دەبێت لە پورمەوە دەست پێبکەم، چونکە بەهۆی ئەوەی پورم شووی بە پیاوێکی ئەو شارۆچکەیە کردبوو، ئیتر سەردانی ناوبەناومان بۆ ئەو شارۆچکەیە وایکرد چەند ناسیاوێکیش پەیدا بکەین، لەو ناسینانەدا براکەم دڵی چوو بە کچێکیانداو دواتر هێنای، بێگومان بەرەو ئەو شارەش گواستیەوە کە ئێمە تێیدا نیشتەجێ بووین، ماوەیەکی کەم وەك ژن و مێرد پێکەوەژیان و لە بەهارێکدا کە سێ ساڵی بەسەردا ڕەتبووە براکەم لەگەڵ ماڵە خەزوریدا لە نزیك دەریاچەی شارۆچکەکەوە سەیرانیان سازدابوو، زۆر بەداخەوە براکەم کاتێك دەچێتە گوێ ڕووبارەکەوە ئیتر دیارنامێنێ و هەر لەو شەوەدا تەرمی خنکاوییان دەرهێنایەوە.

بەڵێ براکەم جوانەمەرگ بوو و ئێمەو ماڵە خەزوریشی پێمان لەیەکتری نەبڕی، پورم هۆیەکی بەتینی ئەو پێوەندییەمان هەبوو هەربۆیە چارەنووسی منیش بەسترایەوە بە کوڕێکی ئەو شارۆچکەیەوە، ئەوەبوو یەکترمان چوو بەدڵداو عەشقێکی خودایی و جاویدانەگی کەوتە دڵ و دەروونی هەردووکمانەوە، ئەو عەشقەی کە ناومان لێنابوو تامردن و پێکەوە ژیان و هەناسەی یەکدی، جا عەشقێکی بەتین و گەرمیش کە بۆ یەکتری دەژیاین و پەیمانمان تێدا تازە دەکردەوە.

ئەو کوڕەی کە شووم پێکردو بووە خۆشەویست و هاوسەرم، پێش ئەوەی من بهێنێ حەزی لەو کچە کردبوو کە بووە براژنم و بێوەژن مایەوە، یەك لایەنە خۆشی ویستبوو و پێی ڕاگەیاندبوو ئەگەر شووی پێ بکات دەیباتە هەندەران بۆ ئەو وڵاتەی کە باوکی لێیە، خەزوری من لەمێژ بوو چوو بووە هەندەران و دەیویست کوڕەکەشی بباتە لای خۆی، بەڵام کچەکە، واتە براژنم، پێی ڕازی نەبوو بوو و سەرەنجام ئەویش نەچووە هەندەران و منی هێنا، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەو پێشنیارەی ختە پێش منیش تاوەکو لەگەڵیدا بچمە هەندەران و منیش بێ سێ و دوو ئەوەم ڕەتکردەوە، من نازانم چ ڕێکەوتێکە ئەو کچەی ئەو پێشتر ویستوویەتی بیهێنێ ببێتە ژنی برای من و منیش بۆ ئەو بم!

دوو ساڵ پێکەوەبووین و چ گرفتێك نەکەوتە هاوسەرگیرییەکەمانەوە، ناوبەناو کاری دەکرد و باوکیشی پارەی بۆ ڕەوانە دەکردەوە، هەڵبەتە ئێمە لە نهۆمی ماڵی باوکمدا دەژیاین و لەو ڕووەوە کێشەی کرێ خانوو و بژێویمان نەبوو، تەنانەت گوزەرانیشمان لەگەڵ ئەواندا بوو و نانمان پێکەوە دەخوارد وەك ئەوەی کوڕەکە هاتبێتە سەر ماڵمان، من لە کۆلیژ دەمخوێندو هێشتا بەردەوامیشم، تاقە شتێك کە ئەو دووبارەی دەکردەوە ئەوەبوو بچینە شارۆچکەکەی ئەوان و لەوێ بژین، من بەهۆی خوێندن و نزیکیم لە ماڵی خۆمانەوە، پاشان ئەو شارۆچکەیەش کە برای منی تێدا خنکاوە وای لە من کردبوو شارۆچکەکەم لا تاڵ بێ هەرچەند دەچووینە ماڵە خەسوم یان لای پوریشم.

واتێدەگەم تەنیا لای خۆیەوە ئەو حەزەی لا دروست ببوو و نە باوکی نە ماڵی خۆشیان ئەوەیان نەدابوو بە گوێیدا، لەبەرئەوەی ماڵی ئێمەش حسابی کوڕی خۆیان لەگەڵدا دەکرد هۆیەك نەبوو تاوەکو شارەکەی لەپێش چاو کەوتبێ. ڕۆژێك لە کۆلیژ گەڕامەوە و بۆ شەوەکەشی مێردەکەم نەگەڕایەوە، مۆبایلی داخستبوو و هەرچۆنێك بووبێ ترس و دڵەڕاوکێکانمان زیادی کرد، ئێستا وا سێ مانگە منی جێهێشتووە و نە تەلەفۆن نە هیچ شتێکی لەگەڵ مندا نەماوە، بێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو، بێ هیچ گرفت و لەمپەڕێك.

زانیمان باوکی پارەی بۆ ڕەوانە کردووە و ئۆتۆمبیلی کڕیوەو لەوێ ئیشی پێدەکات، ئێمەش دوای ئەو هەموو شتە، من لەدوای ئەو هەموو وەفاو عەشقە، بڕیارماندا دەعوای لەسەر تۆمار بکەین و داوای تەڵاقی لێبکەم، کە ئێمە بێ هیچ هۆیەك هەڵبوەشێینەوەو ئەو خۆی تەریك کردبێ شوورەیییە وەك جاران تەماشای بکەم، بەڵکو وای لێکردوم شەرم لە خۆم بکەم و لە هەموو بیرکردنەوەی خۆشم پەشیمان ببمەوە، بڕوام بە پیاو نەماوەو شێوەی ئەوانی لا دزێو کردوم، هەست دەکەم ئەو دەمامکی لەسەرناوەو عەشقەکەی درۆزنانە بووە ئەگەرنا تەنیا پێم بڵێ هۆکەی چییە.

بەڵام بەر لە جیابوونەوەمان کە خۆشحاڵم منداڵیشم لێی نەبووە، دڵم ختوورەی شتێکی ناخۆش دەکات، بە ڕابردوودا دەچمەوە تاوەکو خنکانی براکەم و ئەو کچەش کە ئەو خۆشی ویستووە و هەنوکە بێوەژنە لە شارۆچکەکە. وام بە خەیاڵدا دێت هێشتاکە ئەو کچەی خۆشبوێ، ئەمەش گرفتێك نییە لەلام، ئەوەی جێی بایەخمە ئێستا ئەوەیە لەوە بکۆڵمەوە چۆن براکەم خنکا و کەس پێی نەزانی، نازانم بۆچی تارمایی مێردەکەم لەو ڕووداوەدا ئامادەگیی هەیە، بڵێی دەستی لە کوشتنی براکەما نەبوو بێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ژنە؟! تاوەکو نەبێتە جێی گومان و کۆکردنەوەی دیدگاکانیش لەسەری هەر بۆیە من هێنابێت تا ئەو گومانەی لەسەر بڕەوێتەوە!!